

# مۆنامۆر

ئارام حەمە
(سلێمانی)

شەوێکی تاریک بوو، مانگ خۆی لە پشت کێوەکانەوە حەشار دابوو، یان ڕەنگە مانگ هەر بزر بووبێت، کێ دەیزانی مانگ ئێستا لە کوێیە؟

لەو شەوە ئەنگوستەچاوەدا، لەو سەرمای زستانەدا، کە سەرما وەک نەشتەری دەستی نوژدارێکی دڵڕەق جەستەی هەڵدەدڕیت، دانیشتبوو لوولەی تفەنگەکەی بەرەو سەرەوە بڵند کردبوو، تفەنگەکەی بە شانیدا هەڵپەساردبوو، لە ناو سەنگەرێکی درێژدا، کە ئەمسەر و ئەوسەری لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوو. لە ژێر ئەو سەنگەرەدا، کە سەرەکەی بە پارچە موشەمای سەوز گیرا بوو، بیری لە ئازیزەکەی دەکردەوە و تەماشای وێنە بچووکەکەی دەکرد، کە لە قاپقورئانێکی بچووکی شێوە هێلکەیی زیویدا بوو، دەستەکەی تری لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەی بوو، ئەو دەستانەی سەردەمانێک پانفلووتی پێ دەژەنی، هێدفۆنێکی لە گوێدا بوو، گوێی لە میوزیکی بەناوبانگی (مۆنامۆر) دەگرت.

ئەو سەردەمانێکی زۆر شەیدای میوزیک بوو، بەرلەوەی جەنگ بەرپا بێت و گەنجەکان لە پێناو خاک و وڵات و نامووس و شکۆیاندا، لە دژی سوپای بێشوماری سەربڕەکان بجەنگن، ئەو جەنگانەی هەرگیز تەواو نابن و هەموو جوانییەکان دەشێوێنن، لە فێرگەکەی خۆی سەرقاڵی وانە وتنەوەی میوزیک بوو بە فێرخوازەکانی، ئەوانەی دەیانەویست ئاسۆیەکی گەشتر لەگەڵ میوزیکدا بکەنەوە،

دەلاقەیەک بۆ بینینی جوانییەکانی سروشت و گەردوون و مرۆڤایەتی، گەرچی جوانییەکان دەگمەن بوون.

ناڵە لەناو سەنگەرە قووڵەکەدا، لەو شەوە ساردەی زستاندا، لە ئەندێشەیەکی قووڵدا بوو، بیری لە خۆشەویستەکەی دەکردەوە، ئەو کاتەی بیر دەکەوتەوە، کە بۆ یەکەمین جار سەرقاڵی ژەنینی پانفلووت بوو، ئاوازی مۆنامۆری دەژەنی و تەنیا بوو، عەسرێکی درەنگی وەرزی پاییز و مانگی نۆڤەمبەر بوو، گەڵا سوور و زەرد و پرتەقاڵییەکان لە باخچەی فێرگەی موزیکەکەدا ورشە ورش، بە هەوادا دەچەرخان و لەگەڵ سەدای پانفلووتەکەدا، سەمایەکی شێتانەیان دەکرد، ئەو تابلۆیە، تابلۆیەکی فرە جوان بوو، هەنگێ مامۆستا ناڵە تەماشای دیمەنی خۆرئاوابوونی دەکرد، کە خۆر چون پرتەقاڵێکی گەورە خەریک بوو بۆ ناو ئاسۆیەکی دوور غلۆردەبووەوە.

ئەو لە وەستانی پانفلووتەکە بەردەوام بوو، ئەو دەمەی کە هەستی کرد کەسێک لەناو هۆڵی فێرگەکەدا وەستاوە.

کاتێک ڕووی لە پەنجەرەکە وەرگێڕا، یەکسەر نیگای ئاوێتەی نەی بەژن زراڤ بوو، کە وەک نەمامێکی بەژن بڵند لەوێ وەستا بوو، جادووی نۆتەکانی فلووتەکە و سەدا ئەفسووناوییەکەی گوێچکەی مرۆڤیان دەزرنگاندەوە و لە خشتەیان دەبرد.

نیگای ناڵە ئاوێزانی نیگا تەلیسماوییەکانی نەی بوو، بۆ ئێستێک چون دوو ئەسپی سەرشێت بە حیلە حیل بە مەزرایەکی سەوزی بەریندا تێکەڵ بووبوون.

ئەو دەمەی نیگاکان وەک دوو جەنگاوەر، بە شیری دەستیانەوە ڕووەو یەکتری وەستابوون.

ئیدی ئەو بێ دەنگییە کوشندەیە، بە سڵاوێکی نەی ڕەوییەوە و کەوتنە گفتوگۆ، نەی سەرسامی خۆی بە ئاوازەکە و میوزیکە خەیاڵ بزوێنەکە دەربڕی و گوتی «چی ژەنینێکی سەرسامکەر بوو!» ناڵە بە خۆی و چاوە هەنگوینییە بریقەدارەکانییەوە ویستی سادەیی خۆی پێشان بدات، گوتی «سوپاس بۆ ئێوەی ئازیز، چۆن دەتوانم کۆمەکتان بکەم؟» نەی، کە کچێکی باڵا بەرزی باریکەلە بوو، پانتۆڵێکی قوماشی مارۆنی و بلوزێکی ڕەشی لەبەر بوو، دوو چاوی گەورەی باریکی شێوە بادامی هەبوو، لێوەکانی وەک کچە فریودەرە پڕ لە فیلەرەکان گەورە نەبوو، دوو لێوی ئاسایی پەمەیی هەبوو، خاڵێکی گەورەی ڕەش بە ڕومەتییەوە بوو، کە هێندەی تر سیحری ئەویان دەرخستبوو، جانتاکەی بە هەردوو دەستییەوە شۆڕ کردبووەوە و قاچەکانی جووت کردبوو، قژێکی قاوەیی تێری خاوی هەبوو، دوو برۆی باریکی درێژ بەرەو ڕاست و چەپی ناوچەوانی کێشرابوون.

زەردەخەنەیەکی ناسک و ئەندێشەئامێز لەسەر لێوەکانی بوو.

گوتی «دەکرێت ناوی ئەو پارچە میوزیکەی دەتژەنی بزانم؟ ئایا من فێر دەبم ئاوا وەک تۆ ئەوە بژەنم؟» هەنگێ بە نەرمی دەستی کرد بە پێکەنین، وەک گمە گمی کۆتر و چەند هەنگاوێک لە ناڵە چووە پێشەوە، گوتی «بمبەخشن، دەبوو سەرەتا خۆم بناسێنم، من ناوم ((نەی))یە، باوکم لە خۆشەویستی بۆ نەی عاریف و زاهید و تەنیاکان ناوی لێ ناوم نەی، هەر خۆشم زۆر ئارەزووی میوزیک دەکەم و دەمەوێت فێرببم» ناڵە لەسەر کورسییە بەرزەکەی دابەزییە خوارەوە و دەستی برد،

تەوقەی لەگەڵ کرد، گوتی « من ناڵە دەرچووی بەشی میوزیکم و لێرە مامۆستام وانەی میوزیک دەڵێمەوە. بەڵێ بە دڵنیاییەوە گەر لە قووڵایی ڕوحتەوە ئاوێتەی میوزیک ببیت، ئەوە دەتوانی نۆتە و ئاوازەکان بەرجەست بکەیت، ئەوە بزانە هەمووی بریتییە لە دوو شت، حەز و کۆڵنەدان، مرۆڤە کۆڵنەدەرەکان هەردەم بە ئامانجەکانیان دەگەن، حەزیش یاردەدەرێکی بەهێزە کە بێزار نەبیت لەوەی دەتەوێت فێری ببیت». هەنگێ ناڵە باسی پارچە میوزیکەکە و ئاوازدانەرەکەی بۆ کرد:

«ئەم ئاوازەی ئێستا ژنەوتت، هی مۆسیقاژەن و ئاوازدانەری بەناوبانگی ئیسپانی خواکین ڕۆدریگۆیە، ئەو لە شاری ڤالنسیا لە وڵاتی ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٠١ لە دایک بووە، تۆ دەزانی، کە ئەم میوزیکژەنە بەناوبانگە نابینا بووە، ببینە چۆن هەر کۆڵنەدادات و دەگاتە لووتکە، لە تەمەنی سێ ساڵی بە هۆی نەخۆشییەوە چاوەکانی لەدەست دەدات و بە تەواوی نابینا دەبێت، دوایی بە شێوازی برایل فێری خوێندن و میوزیک دەبێت و لە تەمەنی هەشت ساڵی دەتوانێت ئامێری گیتار بژەنێت. ئەو هەرگیز ئاوازی نۆتەی میوزیکی دانەناوە، بەڵکوو بە شێوازی برایل نووسیونی، ئەو لەسەر دەستی مامۆستاکەی، فرانسیسکۆ ئەنتیک لە ڤالنسیا فێری میوزیک دەبێت، چەندان نازناوی گرنگ بەدەست دەهێنێت و بەردەوام لە سەرکەوتن دەبێت تا لە ساڵی ١٩٤٧ دەبێتە پرۆفیسۆر لە مێژووی میوزیکدا لە کۆلێژی فەلسەفە و ئەدەب لە شاری مەدرید.

بەناوبانگترین کارەکانی ناوی (کۆنسێرتۆ دی ئارانخوێز) کە ئەم پارچە میوزیکە بوو، من ئێستا ژەنیم و دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ مۆنامۆر، خواکین بۆ مەرگی هاوسەرەکەی دایناوە و دواتر گۆڕانکاری زۆر زیاتری بەسەردا هات و چەندان ئامێر و نۆتەی تری بۆ زیادکرا، ئەو لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن پاشای ئیسپانیا، خوان کارلۆسەوە خەڵات کرا، لە ساڵی ١٩٩٩ لە شاری مەدرید لە تەمەنی ٩٧ ساڵیدا گیانی سپارد، بەڵام لە دوای خۆی چەندان پارچە میوزیکی ناوداری بەجێهێشت، بۆ نموونە مۆنامۆر ئەو پارچە میوزیکە ناخبزوێنەیە، کە هەموو سەردەمەکان دەبڕێت و ناوەستێت».

نەی زۆر سەرسامانە گوێی بۆ ناڵە گرتبوو، تا کۆمەڵێک زانیاری گرنگی دەست کەوت و دواتر گوتی «زۆر سوپاس مامۆستا ناڵە بۆ ئەو زانیارییانەت، بە دڵنیاییەوە دەمەوێت فێری میوزیکم بکەیت»، دواتر ناڵە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پەسەندی کرد و لەو ڕۆژەوە، پەنجەرەیەکی نوێیان لە نێوان خۆیاندا کردەوە بۆ بینی ڕوئیا و ئاواز و نۆتەی میوزیکی جیاواز، هەر ئەو ئێوارە پرتەقاڵییەی پاییز و دیمەنی وەرینی ئەو هەموو سەدان گەڵا سوور و زەردە بوو بە جوانترین نۆتە و تابلۆی میوزیک لە نێوانیان، کە دواتر سەری بۆ پێوەندییەکی قووڵ و خۆشەویستییەکی شێتانە کێشا.

شەوێک نەی کورتە نامەیەک بۆ ناڵە دەنێرێت، بۆی دەنووسێت (تەماشای مانگ بکە، ئەها ئەمشەو چەند جوانە!) ئەم وێنانە زۆر درێژەیان نەکێشا و شەمشەمەکوێرەکان هاتن و بەری ڕووناکی مانگیان گرت و نەیانهێشت تریفەکانی خۆی بڕژێنێتە ناو دوو دەریای مەنگی چاوەکان و دەوارێکی ڕەشیان بە ئاسماندا واڵا کرد و بەری ئاسمانیان گرت.

ئەو شەوەی باران بە خوڕ دەباری و زەوی لە ئاو سیخناخ بوو بوو، ناڵە لە بری ژەنینی

پانفلووت و گیتار، چەکی بەرگری کردە شانی و بەرەو شاری کەرکووک بەڕێ کەوت.

نەی بە چاوی پڕ ئەسرینەوە لە پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، دەیزانی ئەم شەو شەوێکی پڕ لە فرمێسک و گریانە و نالەی ئازیزی دەڕوات بۆ جەنگ، جەنگی سوپای ڕەش، ئەو سوپایەی بە دروشمێکی تاریکەوە بەرەو سنووری ڕووناکی دەهاتن و وەک تاعوون لە شارەکانیان دەدا، پاسپۆرتیان بۆ چوونە ژوورەوە نەدەویست، لەگەڵ خۆیان ئاشووب و مەرگیان دەهێنا و شارەکانیان وێران و کاول دەکرد.

نەی لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد و بارانیش هەر بە خوڕ دەباری، وەک بڵێیت ئاسمانیش دەگریا، چونکە جەرگی دایکەکان ئەم شەو دەسووتا، بۆنکڕووز و قرچەی دەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەک.

نالە و جەنگاوەرە خۆ بەخشەکانی هاوڕێی سواری ئۆتۆمۆبیلێکی سەربازی قوڕاوی بوون و لە سلێمانییەوە بەرەو کەرکووکی دڵبریندار کەوتنە ڕێ، لەبەر دژواریی جەنگەکە و پێشڕەوی سوپای ڕەشی سەربڕ و سڵ نەکردنەوەیان لە مەرگ، نالە و سەدانی وەک ئەو دەستیان لە پیشەکانی خۆیان هەڵگرت و کەوتنە ڕێ بۆ بەرخودان و بەرگری.

بانگەواز بۆ هەمووکەسێک بڵاوکرایەوە، کە هەر کەس توانایی هەڵگرتنی چەکی هەیە، دەتوانێت بێت و بەرخودان بکات.

نالە جلوبەرگی سەربازی پۆشیبوو، کۆڵەپشتێکی پێ بوو، کە پانفلووتێک و کامێرایەک و هێدفۆنێک و کتێبێک و مەتارەیەک ئاوی فافۆن و چەند کەرەستەیەکی تری تایبەتی خۆی تێدا بوو، گەرچی ئەوان بەرەو مەیدانی جەنگ دەچوون، بەڵام نالە بەوپەڕی سادەیی خۆیەوە بۆ ئەوێ دەچوو، نەیشیدەزانی چی چارەنووسێکی نادیار و لێڵ چاوەڕوانی دەکات.

بەرەبەیانی گەیشتنە باشووری کەرکووک و لە ناوچەکانی خۆیاندا دامەزران، نالە سڵی لە مەرگ نەدەکردەوە و وەک چۆلەکەیەکی باڵبەستە لە شەوێکی تۆف و ڕەهێڵەدا خۆی بە پەنجەرەی حەسرەتدا دەکێشا.

ئەو شەوە، نەی سەری بەسەر لاقە هەڵپێکراوەکانیدا شۆڕدەکردەوە، بە کوڵ دەگریا و گوێی بۆ فلووتێک هەڵدەخست کە لە تاریکایی شەوەوە دڕی بە تاریکی دەدا و دەهاتە بەر گوێی، بیری لە نالە دەکردەوە، چۆن باسی خواکین ڕۆدرگۆی میوزیکزیانی بەناوبانگی ئیسپانی و دانەری ئاوازی مۆنامۆری بۆ کردبوو، چۆن ئەو بۆ لەدەستدانی هاوسەرەکەی ئەو پارچە میوزیکە نەمرەی داڕشت، ئەمیش لە دووری نالە چۆن دەبێت، ئاه و حەسرەت هەڵبکێشێت.

لە دڵی خۆیدا دەیگوت «ئای لە جەنگ؛ چۆن جوانییەکان لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێت!».

ئەو سەردەمانەی بیر دەکەوتەوە، کە لەگەڵ نالەدا لە فێرگەی میوزیکەکە، میوزیکیان بۆ ژیان دەژەنی و لە چاوی یەکتردا نوقوم دەبوون، ئەمێستا جەنگ ئەوانی لەیەکتر دابڕی و نالەی بە چارەنووسێکی نادیار سپارد.

ئەو دەمانەی پێکەوە پێ دەکەنین و قاقاکانیان بە هەوادا بەرەو دوور دەڕۆیشت. هەمیشە وابوو، لەو دەڤەرە خۆشی و شادییەکان، تا سەر نەبوون و هەمیشە لە کاتی خونچەکردندا ڕەشەبایەک دەهات و خونچەکانی لەگەڵ خۆی ڕاپێچی بیابان دەکرد.

باڵەکان دەبەستران و نەیاندەتوانی بە ئاسمانی بەریندا سەرکەشی بکەن و باڵەکان

لە هەورەکان بدەن، دەکەوتنە خوارەوە بۆ ناو خەرەندی هەزار بە هەزار و هەپروون بە هەپروون دەبوون.

نەی لە ڕۆژەکانی جەنگدا ئارەزووی لە چوونە دەرەوە نەبوو، سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆمانی (بەرەو تاریکی)ی ڕۆماننوسێکی لاو بوو، کە باسی جەنگی دەکرد، سەرنجی ژیانی ئاڤێستای دەدا، لە نەستی خۆیدا وێنای دەکرد کە ئەوە خۆی بێت، چونکە تاڕادەیەکی زۆر چیرۆکەکەیان لەیەکتر دەچوو، ئەو سەروانی خۆشەویستی بەجێی دەهێشت و بۆ جەنگ دەچوو، ئەمیش ناڵەی خۆشەویستی بەجێی دەهێشت.

وەک یەکێک جادووی لێ کردبێت وابوو، حەپەساو بە دیار کارەکتەر و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەوە ڕامابوو، بیری کەوتەوە، کە ڕۆژێک ناڵە باسی ئەو ڕۆمانەی بۆ کردبوو، کە هی نووسەرێکی هاوڕێی بوو، بە دیاری دابوویە و ئەویش بە دیاری لەگەڵ (سی دی)یەکی مۆسیقای مۆنامۆردا، پێی دابوو.

لەو ڕۆژانەدا، هەندێک جار بە نامەی مۆبایل ئاگاداری یەکتری بوون، ڕۆژێک ناڵە کورتە نامەیەکی بۆ نارد و تێیدا نووسیبووی «نەی ئازیزم سڵاو، هیوادارم بتوانی ئارام بیت، من ئێستا لە ئامادە سازیداین بۆ هێرش بۆ سەر مۆڵگەکانی سوپای سەربڕەکان، دەمانەوێت ئەو ناوچانەی لە ژێر دەستیاندایە بەدەستی بهێنینەوە، جەنگەکە زۆر قورسە، خەمی منت نەبێ» نەی پرچە خاوەکەی هەڵبزرکا بوو، بە غەم و حەسرەتەوە وەڵامی دایەوە:

( ناڵەی گیانم، من بێ تۆ چی بکەم، ئاگاداری خۆت بە، تۆ و خودا).

ئیتر بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک هیچ خەبەرێک لە ناڵەوە نەهات، نەی وەک دڵی لە ناو قازانێکدا بکوڵێنن، وەک باڵندەیەکی ترساو لە سنگیدا لێی دەدا. هەراسان بوو، نەیدەزانی چی بکات، چەند جارێک زەنگی بۆ ناڵە کرد و مۆبایلەکەی داخرا بوو.

***

فەرمانیان بۆ هات، کە هەموو مۆبایلەکانیان دابخەن، سیخوڕەکانی سوپای ڕەش تەنیا کەسانی بەربەری و بکوژ و خوێنمژ نەبوون، بەڵکوو کەسانێکی زۆر شارەزا و سیخوڕی ئەلیکترۆنی و هاککەر و شارەزای بواری تەکنۆلۆژیایان لە تەکدا بوو.

ئەوان دەیانتوانی سیستمە پارێزەرەکانی کۆمپیووتەر و مۆبایلەکان ببڕن و ئاگاداری هەر جووڵەیەکی نەیارەکانیان بن، ئەوان بە وتەی خۆیان بۆ جیهاد هاتبوون، سڵیان لە مەرگ نەدەکردەوە.

هەموو مۆبایلەکانیان خامۆش کرد و کەوتنە ناو جەنگێکی قورسەوە؛ سوپای سەربڕەکان لە چەند لایەکەوە هێرشیان دەهێنا، سەرەتا ماشێنی خۆکوژییان دەنارد، تا خۆیان بە هێزەکانی پێشمەرگەدا بتەقێننەوە.

پێشمەرگە گیانبازەکان، بە بێ وچان بەرپەرچیان دەدانەوە، لێ ئەوان زۆر لە هێزی پێشمەرگە پرچەکتر بوون، لە دەیان وڵاتی جیهانەوە کەرەستەی سەربازییان بۆ دەهات و هەزاران چەکداریان لە تەواوی دنیاوە دەهاتن و شەڕیان لە دژی گەلێکی بەشمەینەتی وەک کورد ڕادەگەیاند، ئەو کوردە بێ دەوڵەتەی وەک عیسای مەسیح لە چوار لاوە لە چوارمێخە درا بوو. هەموو ڕۆژێک بە پاساوێک کوردیان کافر دەکرد و کوشتوبڕ و پاکتاویان دەکردن.

سوپای بێشوماری مێروولە ئاسای سەربڕەکان تا دەهات تۆکمەتر و بەهێزتر دەبوون؛ بنکەی

سەرەکی ئەوان لە حەویجە بوو، لەوێوە ئاراستە دەکران و هێرشی بەردەوامیان دەهێنا، بەردەوام پێشمەرگە گیانبازەکان ئەوانیان تێکدەشکاند.

نالە گەرچی ئەزموونی لە جەنگدا نەبوو، بەڵام لەو ماوە کورتەدا بەوپەڕی ئازایەتییەوە فێری جەنگ بوو بوو. ئەو دەمەی ئەو دەبوو فلووت بژەنێت، بەڵام ئەمێستا پەنجە نازکەکانی لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ بوو، بەرەو ڕووی سوپای ڕەش گوللەی دەتەقاند.

لەو شەڕە دژوارەی ئەو شەوەدا، پێنج هاوڕێی پێشمەرگەی نالە شەهید بوون. ئەو زۆر غەمبار بوو، دەستی کرد بە گریان، لە گیرفانی یەکێک لە پێشمەرگەکاندا دوو وێنەی دییەوە؛ کچ و کوڕێکی منداڵ بوون، دیار بوو کچ و کوڕی پێشمەرگە شەهیدەکە بوون.

لە ملی یەکێکی تردا تەزبیحێکی قەزوان هەبوو، کە دیاری باوکی شەهیدەکە بوو. ئەمانە ناڵەیان تەواو پەرێشان کرد و ماتەمینی دڵ و دەروونیان گوشی و خستیانە دۆخێکی پڕ لە تەمومژەوە، ئەویان وێڵی دنیایەکی پڕ لە ئەندێشە کرد.

لە دڵی خۆیدا گوتی، دەبێت ئەمشەو جەرگی چەند دایک و باوک هەڵقرچێت، لە پێناو جەنگێکی بە زۆر سەپاودا، نیگەران بوو، زۆر نیگەران. بۆ تاوێک مۆبایلەکەی کردەوە، نامەیەکی بۆ نەی نووسی:

«ئازیزی دڵم، گەر جەنگ تەواو بوو، زەماوەندت لەگەڵ دەکەم». پەنجەی نا بە دوگمەی SEND دا و مۆبایلەکەی کوژاندەوە، چاوەڕێی هیچ وەڵامێکی نەکرد.

***

کوردبوون بۆ ئەوان سەخت بوو، ژیانیان پڕ لە مەینەتی بوو، ئەوان هیچ دۆستێکیان نەبوو جگە لە چیاکانیان، زۆرینەی مێژوو شەنوکەو بکەیت، ئەوان لە چیا سەر بڵند و شینەکاندا بوون، هەمیشە چیا ئەوانی دەپاراست، ساڵەهای ساڵ دەیانویست بژین، لێ کەس ئەوانی نەدەویست و جیهان ئەوانی ڕەت دەکردەوە.

نەی سەیری چیا سەرکەشە شینەکانی چواردەوری سلێمانی دەکرد، کە وەک ئەڵقەی زیکری دەروێشان سەمایەکی ئیلاهییان دەکرد و شاریان دەپاراست، زرنگەی مۆبایلەکەی هات، نامەیەک بوو: « ئازیزی دڵم، گەر جەنگ تەواو بوو، زەماوەندت لەگەڵ دەکەم».

بەو نامەیە وەک گوڵێکی سیس گەشایەوە، زۆر شادمان بوو، کە نالە زیندووە، لە خۆشیدا چاوەکانی وەک کانیاو تەقین و ئەسرین وەک دیجلە و فورات بە ڕوومەتە سپییەکەیدا شۆڕ بوونەوە.

دیجلە و فوراتێکی خوێناوی، نزای کرد و لە خودا پاڕایەوە، کە نالە بپارێزێت. لەو خودایە پاڕایەوە، کە ڕۆژانە پێنج جار کڕنووشی بۆ دەبەن، بەڵام ئەوان دەهاتن و مزگەوتەکانیان خاپوور دەکرد، کچەکانیان دەکرد بە سەبایا و کەنیزەک، پیاوەکانیان دەکوشت، کانیاوەکانیان کوێر دەکردنەوە.

نەی بە شادمانییەوە دەستی بە قژە خاوەکەیدا دەهێنا و لەسەر چەرپاکەی پاڵکەوت و چەند جارێک، نامەکەی خوێندەوە، لەبەر خۆیەوە دەیگوت» زەماوەند، زەماوەند، زەماوەند....... زە.....ما.....وە....ند» خەوی لێ کەوت.

***

چەند ڕۆژێک دواتر جەنگ کەمێک هێور بووبووەوە، تاکوتەرا دەنگی تەقە دەبیسترا، شەو داهات، هەر پێشمەرگە و سەرقاڵی کارێک بوون، جگە لە چەند پێشمەرگەیەک، کە

بەردەوام پاسەوانییان دەکرد. ناڵە هێدفۆنێکی لە گوێدا بوو، گوێی لە پارچە مۆسیقای مۆنامۆر دەگرت، کە جۆرجی زامفیری ڕۆمانی، بە پانفلووت دەیژەنی.

دەنگی پانفلووتەکەی زامفیر وەک نمەی باران ڕوحی دەکوتا، خۆی لە شەقامیکی تاریکدا دەبینی، کە بە تەنیا بەرەو ئەوسەری ڕاستە شەقامەکە، بەرەو رووناکی دارتێلیک بە ئەسپایی، لە ژێر باراندا هەنگاوی دەنا، جگە لە دەنگی پانفلووتەکە و شڵپەی پێیەکانی خۆی هیچی تری نەدەژنەوەت. لە ئەندێشەیەکی قووڵدا بوو، کاتێک تەماشای چواردەوری خۆی کرد هێورییەکی سەیر دەبینرا. وەختێ ئەندێشەی پچڕا، کە چەند چەکدارێکی سوپای سەربڕەکان بەخۆیان و جلوبەرگە ڕەشە درێژەکانیان و قژ و ڕیشە ئاڵۆزسکاو و چڵکنەکانیانەوە، خۆیان کرد بە ناو سەنگەرەکەدا.

ناڵە فریای ئەوەش نەکەوت تفەنگیان لێ ڕابکێشێت، حەپەساو لەوانی دەڕوانی، لای سەیر بوو، ئەوانە چۆن توانیویانە هێڵەکانی پاسەوانی ببڕن. ناڵەیان قووڵ بەست کرد و لە ناو سەنگەرەکە بردیانە دەرەوە، پێشمەرگە پاسەوانەکان تێکڕا بە شمشێر شەهید کرابوون. ئەوان بە پلانێکی ورد و تۆکمە بە ناو قامیش و زەلەکاندا، لە قۆڵێکی نهێنییەوە دزەیان کردبووە ناو سنووری هێزی پێشمەرگە، ئەو دەمەی لە قۆڵێکی ترەوە سەرقاڵیان کردبوون.

دەمەو بەیانی ئەو ڕۆژە، بە ئۆتۆمۆبیلێک ناڵە و پێنج پێشمەرگەی تری بە دیل گیراویان بەرەو حەویجە برد، پاش ئەوەی لە کونجی زیندانێکیان توند کردن، بۆ ڕۆژانی دواتر، بەرگی پرتەقاڵییان کردە بەریان و خستیاننە ناو قەفەز، لە دواوەی ئۆتۆمۆبیلی سەربازی بە ناو شاری حەویجەدا گێڕایانن، ئەوانیان تەکفیر کرد، خەڵک و منداڵانی ناو حەویجەیان هان دا، کە بەردبارانیان بکەن، ناڵە سەیری خەڵکەکەی کرد و چاوی بۆ ئاسۆیەکی دوور دەگێڕا.

هەر ئەو دەمە لە گۆڕەپانی شاردا ئاگرێکی مەزنیان کردەوە، ئاگرێک مەزنتر لە ئاگرەکەی نەمروود، کە بۆ (ئیبراهیم)یان کردەوە، سەرەتا جلوبەرگ و ئاڵای کوردستان و جانتا و کەلوپەلەکانیان خستە نێو ئاگرەکە، دوایەمین شت پانفلووتەکەی ناڵە بوو، ئەو دەمەی پانفلووتەکە لە ناو بڵێسەی ئاگرەکەدا بوو، ناڵە مۆسیقای مۆنامۆری دەژنەوت، دواجار پێشمەرگەکانیان بە قەفەزەکانەوە خستە ناو ئاگرەکە و هەر شەشیان بوون بە قەرەبرووت، لەو دەمەی ناڵە وەک سووتەمەنی دەسووتا، لە ناو ئاگرەکەدا، پانفلووتە سووتاوەکەی هەڵدەگرت و ئاوازێکی غەمگینی مۆنامۆری بۆ دوایین جار دەژەنی، بیری لە مەرگێکی بە ئازار و نەی خۆشەویستی دەکردەوە.